بەشی پێنجەم:

شەڕی نەهرەوان

ژمارەی ئەوانەی نارەزاییان دەربڕی لەسەر ناوبژیکردن لە صففین چوار هەزار کەس بوون، کەواتە ئەوان کەمینە بوون لە سوپای عەلی کە ژمارەیان دەگەیشتە پەنجا هەزار کەس پێش بەیەکگەیشتنی هەردوو سوپاکە.

عوروەی کوڕی حودەیری تەمیمی، بە شمشێر لە ولاخەکەی ئەشعەسی دا، لەو کاتەی ئەشعەس خەریکی خوێندنەوەی بەڵگەنامەی ئاگر بەستەکە بوو کە جەنگی پێڕاگیرا، ئینجا هۆزی تەمیم داوای لێبوردنیان کرد لە ئەشعەسو خزمەکانی سەبارەت بەو کارەی عوروە، عوروە دەیوت: "ئێوە ئادەمیزاد دەکەنە دادوەر لە فەرمانی خوا، حوکمو فەرمان تەنها هەر بۆ خوایە"[1] ئەم وتەیەیش بوو بە دروشمی بزوتنەوەی خاریجی، هەربۆیە ناونران بە (محكّمة)، ئەوانەی حوکمی خوا نەبێت حوکمی کەس وەرناگرن، هەروەها ناونران بە (خوارج) لەبەر دەرچوونیان لە فەرمانی عەلی کە خەلیفەی شەرعیی بوو، هەروەها پیان دەوترا (الحرورية) بەناوی لادیەکەوە لای کووفە، کە لەو شوێنەدا جیابوونەوە لە سوپای عەلی کە بەرەو کووفە دەگەڕایەوە.

واشدەردەکەوێت کە ئەوان بەردەوام بوون لە چالاکیی بانگەوازیی خۆیان لەناو سوپای عەلی، لە پاش ڕووداوی دادکاری، چونکە ژمارەیان گەیشتە هەشت هەزار کەس لە کاتی خۆڕاگەیاندنەکەیاندا[2]، دواتریش ژمارەیان زۆر زیاتر بوو، بەپێی هەندێ ڕیوایەتیش ژمارەیان گەیشتووەتە بیستو چوار هەزار کەس[3]. وادیارە ئەم ژمارەی دوایە دەربڕین لەدوای دابڕینەکەیان دەکات، ئاماژەیش دەکات بۆ پەرەسەندنی بانگەوازی خاریجیەکانو بەرزبوونەوەی ژمارەیان.. هەروەها هەڵسان بەرێکخستنی خۆیان بە سەرۆکایەتی عەبدوڵڵای کوڕی کەڕڕا و شەبەسی کوڕی

١) الطبري: التأريخ ٥: ٥٥، والمبرد: الكامل (اخبار الخوارج) ١٦.

٢) احمد: المسند ـ بتحقيق احمد شاكر ٢: ٦٥٦ وصححه، ١: ٨٦ـ ٨٧ وصححه ابن كثير (البداية والنهاية ٧: ٢٨٠ـ ٢٨١) وابو يعلى: المسند ١ :٣٦٧ـ ٣٧٠ قال الهيثمي: بأن رجال ابى يعلى ثقات(مجمع الزوائد ٦: ٢٣٥ـ ٢٣٧) والحاكم: المستدرك ٢:١٥٢ـ ١٥٤ وصححه على شرط الشيخين ووافقه الذهبي.

٣) عبدالرزاق: المصنف ١٠: ١٥٧ـ ١٦٠ باسناد حسن، والطبراني: المعجم الكبير ١٠: ٣١٢ـ ٣١٤.

ڕەبعی[1]، سەرکردەیەکیشیان دەسنیشان کرد بۆ نوێژو یەکێکی تر بۆ جەنگ. ئەم پەرەسەندنەی دوایش وایکرد لە ئیبنو عەباس، داوا لە عەلی بکات ڕێگەی بدات بۆ ئەنجامدانی ئاخاوتن لە گەڵیاندا، لە یەکێك لە کۆبوونەوە گەورەکانیان لە حەرورا، لەکاتی نیوەڕۆ گەیشتە لایانو دەڵێت: "چوومە لای خەڵکانێك، کەسم نەدیوە لەوان کوششکارتر بێت، دەستەکانیان دەتوت حوشترە، ڕوومەتیان شوێنەواری کڕنوشکی لەسەر دیاربوو.. ئیبنوعەباس پیاوێکی جوانو دەنگ گەورە بوو، پێشوازیان لێکرد، ئەمجا دەستی کرد بە وتووێژکردن دەربارەی ئەو گومانانەی لایان دروست بوو بوو لە ئەنجامی لێکدانەوەیان بۆ قورئان، ئاشکراشی کرد بۆیان کە دادکاری لە دەقی قورئاندا باسکراوە[2]، هەروەها سڕینەوەی نازناوی (امیر المؤمنین) لە ڕێکەوتننامەکە پێشینەیەکی هەیە لە ڕووداوی حودەیبەدا، ئینجا ئەوەشی ڕوونکردەوە کە شەڕکردنی عەلی لەگەڵ نەیارەکانیدا، بەبێ ئەوەی ماڵخواردنو ئافرەتەکانیان بۆ خۆیان بە ڕەوا بزانن، ئەوە حوکمی شەرعی ڕاستە، لە ئەنجامی ئەم قسانەدا دوو هەزار کەس بەرچاویان ڕوونبوویەوە[3] دووکەس لە دیارترین ئەو کەسانەی کە گەڕانەوە بریتی بوون لە عەبدوڵلای کوڕی کەڕڕا و شەبەسی کوڕی ڕەبیعی[4]. بەڵام هیچ کەسێکیان لە هاوەڵان تیادا نەبوو.

لەپاش ئەم گفتوگۆیە خودی عەلی دەرچوو بۆ حەرورا، ئاخاوتنی کرد لەگەڵ خەواریجەکان، ئەوانیش بەهەڵە لە عەلی حاڵیبوون واتێگەیشتن کە واز لە مەسەلەی ناوبژیکردن (تحکیم) دەهێنێ، ئاوها ئەم جارەیش کەوتنە داوی هەڵە گەیشتنەوە، ئینجا گەڕانەوە بۆ کووفە لەسەر ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە، دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە، جا کاتێك بۆیان دەرکەوت لە وتارەکەی عەلی لە ڕۆژی هەینی کە

---

١) خليفة: التأريخ ١٩٢ بسند صحيح، وابن عساكر: تأريخ دمشق (ترجمة عبد الله بن ابى اوفى) ٣٩٥، ٣٩٨ صحيح مرسل الزهرى.

٢) لەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَماً مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَماً مِّنْ أَهْلِهَا) النساء ٣٥. هەروەها لەم ئایەتەدا: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّداً فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْياً بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَاماً لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَف وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللّهُ مِنْهُ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ) ﴿المائدة : ٩٥﴾ ئیبنو عەبباس ڕونیشی کردەوە کە ئاشتی کردن لە نێوان خەڵکی بۆ قەدەغە کردنی خوێنی موسڵماناندا باسکراون: ئاشتبوونەوەی ئافرەت لەگەڵ مێردەکەیو، ڕاوکردنی کەروێشك یان مەلێك لەلایەن کەسێکەوە لە ئیحرامدا بێت...

٣) عبد الرزاق: المصنف ١٠: ١٥٧ـ ١٦٠ باسناد صحيح، واحمد: المسند ١: ٣٢٤، والنسائي: خصائيص علي ١٩٠ـ ٢٠٠.

٤) ابن أبي شيبة: المصنف ١٥: ٣١٧ـ ٣١٩، وابو يعلى: المسند ١: ٣٦٤، والالباني: ارواء الغليل ٨: ١١١ وصححه.

ئەو هێشتا نەگەڕاوەتەوە دادکاریو کوفر!! لە مزگەوتەکە دەرچوون، عەلی بە حەسرەتەوە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کرد بەرانبەریان: "نوێژکردنتان لێقەدەغە ناکەین لەمزگەوتەدا، بێبەشیشتان ناکەین لە پشکی خۆتان لە داهاتەکان، تا ئەوکاتەی دەستان لەگەڵ دەستماندا بێت، شەڕیشتان لەگەڵ ناکەین تاکو شەڕمان لەگەڵ نەکەن"[1] بەڵام ئەوان ئەو قسانەیان قبوڵ نەکرد، دەستیان کرد بە هاوارکردنیش لە سەرانسەری مزگەوتەکەداو دەیانوت: "لا حكم الا للّه"[2] واتە: فەرمان بەس بۆ خوایە. سەرکردەکانیان هەوڵیاندا عەلی پەشیمان بکەنەوە لە ناردنی ئەبوموسای ئەشعەری بۆ ناوبژیکردنەکە، پێشنیاریشیان کرد لەگەڵی بچن بۆ هێرشکردنە سەر شام، بەڵام عەلی ڕازی نەبوو پەیمانەکەی هەڵوەشێنێتەوە لەگەڵ خەڵکی شامدا:"ئێمە تازە لەیەکتر جیابووینەوە لەسەر ئەوەو ناکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە"[3] ئینجا هەندێ گفتوگۆی تر دروست بوو لەلایەن هاوەڵانو شوێنکەوتوانیان، لەگەڵ خەواریجەکان، ئەوەش وایکرد ژمارەیان کەم بێتەوە بۆ چوار هەزار کەسێك.[4] بەڵام ئەوان لە ماڵی عەبدوڵلای کوڕی وەهبی ڕاسیبی کۆبوونەوە، ویستیان یەکێك لە سەرکردەکانیان بکەن بە ئەمیری خۆیان، بەڵام کەسیان ئەو لێپرسراویەتیە یان وەرنەگرت، لە ئەنجامدا عەبدوڵلای کوڕی وەهبی ڕاسیبی وەریگرتو وتی: "سوێند بە خوا وەریناگرم لە پێناوی دونیادا، وازیشی لێناهێنم لە ترسی مەرگدا". بەم شێوەیش هەڵسان بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەیعەتەی لە گەردەنیاندا بوو بۆ عەلی. لە دەی شەوالی[5] ساڵی سیو حەوتی کۆچی، بنەمای "خیلافەت لە قورەیشدایە"شیان شکاند. ئەمجا یەکێك لە وتەکانیان بووە ئەوەی خیلافەت دەبێت بە کەسێك بدرێت لە قورەیش نەبێت بە نەژاد.

عەبدوڵلای کوڕی وەهبی ڕاسیبی ئەزدی بەکپی شوێنکەوتووانی دەرکرد بۆ نەهرەوان، نەوەکو کەسانێك ڕێگەیان لێبگرن، ئینجا لەوێ کۆبوونەوە، سەرەڕای ئەم بەرەنگاریکردنەش، عەلی (ڕەزای

---

١) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٣٢٧- ٣٢٨، والطبراني: الاوسط (مجمع الزوائد ٦: ٢٤٢- ٢٤٣)، والطبراني: تأريخ ٥: ٧٤، والبيهقي: السنن الكبرى ٨: ١٨٤ ويتقوى بمجموع طرقه الى الحسن.

٢) ابن أبي شيبة: المصنف ١٥: ٣١٢- ٣١٣ وصحح الالباني سنده (ارواء الغليل ٨: ١١٨- ١١٩) وقارن برواية الطبراني: التأريخ ٥: ٧٣- ٧٤.

٣) البلاذري: انساب الاشراف ٢: ق ١٦٢أ - ١٦٤أ مدار الرواية على مجالد بن سعيد ليس بالقوي، لكنه يصلح للمتابعات.

٤) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٩١- ٩٣ باسناد حسن، والطبراني التأريخ ٥: ٩١- ٩٣ والهيثمي: السنن الكبرى ٨: ١٧٩

٥) البلاذري: انساب الاشراف ٢: ق ١٦٣ا - ١٦٤أ باسناد فية مجالد بن سعيد ليس بالقوي.

خوای لێبێت) بڕیاری نەدا شەڕیان لەگەڵ بکاتو بەهێز بیانگێڕێتەوە بۆ گوێڕایەڵی، بەڵکو تەنها هەڵەکانیانی بۆ ڕوونکردنەوەو بۆچونەکانیانی پووچەڵ کردەوە.

ئەوکاتەی کە هەردوو نابژیوانەکەش گەڕانەوە بەبێ هیچ ڕێککەوتنێك، خەواریجەکان نەگەڕانەوە بۆ لای عەلی، سەرەڕای ئەوەی کە عەلی لەشکری ئامادەکردبوو بۆ بەرەنگاریکردنی خەڵکی شامو سەربازگەی ڕاگرتبوو لە ناوچەی نوخەیلە، کە هەندێ لە ڕیوایەتەکان ژمارەی ئەو سوپایەی بە شەستو هەشت هەزارو دووسەد کەس مەزەندە دەکرد، لەم ماوەدا خواریجەکان هەڵسان بە کوشتنی عەبدوڵلای کوڕی خەبابی کوڕی ئەرەت لەگەڵ دایکی منداڵەکەی[1] هەروەها دووکەسی تریشیان کوشت[2]، چونکە وایان بەسەر هات ئەوەی لەگەڵیان ناکۆك بوایە خوێنوماڵیان بە ڕەوا دەبینیو دەیانکوشت[3] بۆیە عەلی بە سوپاکەیەوە ڕووی تێکردن لە موحەڕەمی ساڵی ٣٨ك، سەربازگەشی دیاریکرد لە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری نەهرەوان، خەواریجەکانیش لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە بوون،[4]، دواتر خەواریجەکانی بەصرەیش هاتنە پاڵیان کە ژمارەیان سێ سەد یان پێنج سەد کەس دەبوون بە سەرکردایەتی موسعیری کوڕی فەدەکی تەمیمی[5] ئینجا لەبەر ئەوەی ناوچەکانی چالاکی خەواریج کە توشی نەمانیی ئاسایشو جەردەیی دەبوونەوەو لەو شوێنانە بوون کە لەژێر لێپرسراوێتی عەلیدا بوون، بۆیە داوای کرد بکوژەکان بدەنە دەستەوە بۆ بەجێهێنانی سزای شەرعی لەسەریان، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: هەموومان کوشتومانە.[6] هەر بۆیە عەلی شەڕکردنیانی بەڕەوا بینی، پاداشتی شەڕکردنیشی لەگەڵیان ڕوونکردەوە بۆ سەربازەکانی، لەبەر ڕۆشنایی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ: "يخرج قوم من أمتي يقرأون القران، ليس قراءتكم الى قراءتهم بشيء، يقرأون القرأن يحسبون انه لهم وهو عليهم، لاتجاوز صلاتهم تراقيهم، يمرقون من الاسلام كما يمرق الهم من الرمية". واتە: خەڵکانێك لە ئوممەتی من سەرهەڵدەدەن، قورئان خوێنن، خوێندنی ئێوە بۆ قورئان هیچ نی یە لەپاڵ

١) ابن ابى شيبة: المصنف ١٥: ٢١٠ـ ٢١١ بسند صحيح، ٣٠٨ـ ٣٠٩. والطبراني: المعجم الكبير ٤: ٦٨، والطبراني: التأريخ ٥: ٨١.

٢) الطبري: التأريخ ٥: ٨٢.

٣) ابن حجر: فتح الباري ١٢: ٢٨٤.

٤) الخطيب: تأريخ بغداد ١: ٢٠٥ـ ٢٠٦.

٥) البلاذري: انساب الاشراف ٦٣ بسند فيه مجهول، والطبري: تأريخ ٥: ٨ عن ابى مخنف.

٦) ابن ابى شيبة: المصنف ١٥: ٣٠٨ـ ٣٠٩ بسند صحيح.

خوێندنی ئەوان، نوێژ و ڕۆژووشتان هیچ نیە بەرانبەر نوێژ و ڕۆژووی ئەوان، قورئان دەخوێنن وا دەزانن لایەنگریانە کەچی دژیانە، نوێژکانیان لە قووڕگیان تێناپەڕێت، لە ئیسلام دەردەچن وەکو چۆن تیر لە کەوانەکەی دەردەچێت"، ئینجا بەدوای ئەوەدا وتی: "ئەگەر ئەو سوپایەی شەڕیان لەگەڵ دەکات بزانن بەڵێنی چیان پێدراوە لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ، پشتیان بە کرداری چاکە نەدەبەست"، ئینجا باسی ئەو نیشانانەی کرد کە لەسەر خەوارجەکان دەچەسپێ، وەکو هەبوونی موخەددەج لە ناویاندا "بازووی هەیە و قۆڵی نی یە، لەسەر بازووەکەی شتێکی تێدایە وەکو نووکی مەمك چەند موویەکی سپی لەسەرە، ئێوە دەچن بۆ لای موعاویە و خەڵکی شام و ئەمانە بەجێدەهێڵن لە دواتانەوە بێننەوە لەناو ماڵ و مناڵەکانتان، سوێند بەخوا هیوادارم ئەمانە ئەو کەسانە بن، چونکە خوێنی نارەوایان ڕژاند، هێرشیان کردە سەر خەڵکیو لەسەر ناوی خوا بەرێکەون"[١].

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) چەندین کەسی نارد بۆ لایان، ئەوانیش هەڵسان بە کوشتنی نێردراوەکەی و لە ڕووبارەکەیش پەڕینەوە[٢]، بۆیە عەلی فەرمانی کرد بە سوپاکەی شەڕیان لەگەڵ بکەن. شایەتحاڵێکی متمانەپێکراو کە زەیدی کوڕی وەهبی جوهەنیە دەڵێت: "کاتێك پێکگەیشتین، عەبدوڵلای کوڕی وەهبی ڕاسیبی سەرکردەیان بوو، بە شوێنکەوتووەکانی وت: ڕمەکانتان بهاوێژن و شمشێرەکانتان هەڵکێشن، چونکە دەترسم سوێندتان لێبخۆن و داوای ڕێکەوتنتان لێبکەن، وەکو ئەوەی لە ڕۆژی حەرورا ڕوویدا"،[٣] ئینجا هەردوو سوپاکە تێکچڕان لە شەڕێکی خێرای نابەرابەردا، کۆتایی پێهات بە شکاندنی خەوارجەکان، سەرەڕای هەموو ئەو نەبەردی و خۆڕاگریەی کە پیشانیاندا، سوپای عەلی توانیان لەناویان بدەن، بێئەوەی شتێکیان پێبکرێت، ئەوە نەبێت چەند

---

١) مسلم: الصحيح ٧٤٨ـ ٧٤٩، وعبد الرزاق: المصنف ١٠: ١٤٧ـ ١٤٩.

٢) ابن أبي شيبة: المصنف ١٥: ٣٢٥ـ ٣٢٧ بسند حسن.

٣)مسلم: الصحيح ٢: ٧٤٨، وابن أبي شيبة: المصنف ١٥: ٣١٧ باسناد صحيح، واحمد: المسند: ٣: ٤٨٥ باسناد صحيح، وابوداود: السنن: ٤: ٢٤٤.

کەسێکیان لە سوپای عەلی کوشت[1]. سەبارەت بە سوپای خەواریجەکانیش کەسی لێدەرنەچوو بە زیندوویی، بریندارەکان و ئەوانە نەبێت کە هەڵهاتن، ئەوانەش ژمارەیەکی کەمبوون[2].

عەلی ((ڕەزای خوای لێبێت)) گرنگیدا بە گەڕان بە دوای موخەددەجی مەمکداردا تاکو دۆزیەوە[3]، چونکە ئەو کەسە شایەتێك بوو لەسەر ڕاستی هەڵوێستی عەلی، نیشانەیەکیش لەسەر گومڕایی ئەو خەواریجانە.

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) مامەڵەی زۆرداران (البغاة)ی کرد لەگەڵیان، بۆیە بە کافری نەژماردن و ڕێگەشی نەدا بە سەربازەکانی شوێن هەڵهاتووەکانیان بکەون، یان هەڵکوتنە سەر بریندارەکانیان، ڕازیش نەبوو بکرێن بە کۆیلە [4] و ماڵەکانیان وەکو دەسکەوتی شەڕ بخورێت[5]، پرسیاریشی لێکرا: ئایا ئەوانە کافرن؟ وتی: لە کوفر هەڵهاتوون. وتیان دووڕوون؟ وتی: دووڕووەکان یادی خوا ناکەن کەمێك نەبێت. وتیان: ئەی ئەمانە چین؟ وتی خەڵکانێکن ستەمیان لێکردووین، ئێمەیش شەڕمان لەگەڵیان کرد.

لە ڕیوایەتێکیشدا هاتووە: کەسانێکن ستەمیان لێکردین، ئێمەیش سەر خراینە سەریان. لە ڕیوایەتێکی تردا: کەسانێکن تووشی ئاژاوە بوون، لەناو ئاژاوەدا کوێر و کەڕ بوون[6].

کەواتە بە خاوەن باوەڕانی دەزانی، نەکو بێباوەڕ و دووڕوو[7]. ئامۆژگاری موسڵمانانیشی کردووە سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنیان و وتویەتی: "ئەگەر ناکۆکیان کرد لەگەڵ پێشەوایەکی زۆردار شەڕیان لەگەڵ مەکەن، چونکە قسەیان هەیە لەو حاڵەتەدا"[8]یەکێك لەو شتانەی ڕۆشنایی دەخاتە

١) ابن أبي شيبة: المصنف ١٥: ٣١١، وخليفة: التأريخ ١٩٧ بسند صحيح، النسائي: خصائص علي ١٩٠ بسند صحيح، ويعقوب بن سفيان: المعرفة والتاريخ ٣: ٣١٥.

٢) عبدالحميد علي ناصر: خلافة علي ٣٢٩.

٣) ابن ابي عاصم: السنة ٢: ٤٤٢ـ ٤٤٣ باسناد صحيح، وابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٣٢٥ـ ٣٢٧، والطبري: التأريخ ٥: ٩١ـ ٩٢، والطحاوي: تهذيب الآثار ٤: ٢٣٦ـ ٢٣٨.

٤) البيهقي: السنن ٨: ١٨٢ بسند صحيح.

٥) عبد الرزاق: المصنف ١٠: ١٢٢ـ ١٢٣، وابن ابی شيبه: المصنف ١٥: ٣٣٢، وسعيد بن منصور: السنن ٢: ٣٣٩، والبيهقي: السنن الكبرى ٨: ١٨٣.

٦) عبد الرزاق: المصنف ١٠: ١٥٠، وابن ابی شيبه: المصنف ١٥: ٣٣٢ بسند صحيح، والبيهقي: التى الكبرى ٨: ١٧٤.

٧) ابن تيمبه: منهاج السنه ٥: ٢٤٣ـ ٢٤٤.

٨) ابن ابی شيبه: المصنف ١٥: ٣٢٠، وابن حجر: فتح الباری ١٤: ٣٠١.

سەر چۆنێتی خەواریج و ئاستی توانایان لە مشتومڕ و لەبەرکردنی قورئان و بەڵگە دەرکردنی لە قورئان، ئەوەیە کاتێك ئیبنو عەبباس گەڕایەوە بەصرە پاش هەرەسهێنانی ناوبژیکردن، خەواریجەکان مشتومڕیان لەگەڵ کرد بە توندی و تۆمەتباریشیان کرد بە بێباوەڕی "کوفرت کرد و هاوبەشت بۆ خوا بڕیاردا"، ئەویش پێی وتن: "بزانن کێ زاناتر و بەتواناترە لە دەرخستنی بەڵگەکانتان با قسە بکات"، ئەوانیش عەببادی تەغلیبیان هەڵبژارد، هەڵساو وتی: "خوای گەورە ئەمەی فەرمووە و ئەوەی فەرمووە، دەتوت ئەوەی پێویستە لە بەڵگەکانی قورئان لە یەك سوورەت دەری دەکرد"، توانای ئەو پیاوە دەرکەوت لە باسکردنی بەڵگە جیاجیاکاندا لە نێو سوورەتەکانی قورئان، وەکو چۆن لەیەك جێگادا بن، ئیبنو عەباسیش شایەتیدا بۆی: "من دەتبینم قورئانت چاك لەبەرەو زانای بەو شتانەی شیدەکەیتەوە و بە یەکی دەگەیەنیت"، ئەمجا ئیبنو عەباس هەڵەکانی خەواریجی خستە ڕوو، وتی: "ئایا ئاگادارن کە خەڵکی شام قورئانەکانیان بەرز کردەوە و داوای ناوبژیان کرد، ئێمەش بەوە ناڕەحەت و ناڕازی بووین، ئێوەیش کاتێك برینەکانتان زۆر بوو و ئاوی فوراتتان لێ قەدەغە کرا داوای هەمان شتتان کرد!؟ موعاویە پێی وتم ئەسپێکیان بۆی هێنا بۆ ئەوەی لەسەری هەبێت، دوای ئەوە یەکێك لە ئێوە چووە لای و وتی: من خەڵکی عێراقم بەشێوەیەك بەجێهێشتووە، بەیەکدا دەچوون وەکو چۆن حاجیان لە مەککەوە دەچنە مینا"، بەم شێوەیش ئاماژەی کرد کە جیاوازی و دووبەرەکیان هەڵوێستی عەلیان لاواز کردووە، بوو بە هۆکارێکیش بۆ ڕازی بوون بە مەسەلەی ناوبژیکردن... ئەمجا ئیبنو عەباس قسەکانیانی پوچەڵ کردەوە.[1] بێگومان شەڕی نەهرەوان برینگەلێکی قوڵی بەجێهێشت لە کووفەی سەر بە عەلی و بەصرەی لایەنگیری عوسمان پێکەوە، چونکە زۆربەی خەواریجەکان سەر بە هۆزەکانی ئەم دوو شارە بوون، هەندێکیش ناڕەزایان دەربڕی لەسەر کوژرانی ئەوانەی لەو شەڕە تیاچوون، هەندێ ووردە شەڕیش ڕوویدا لە نێوانیاندا.[2]

لاوازیی و ناڕەحەتی تەنها تایبەت نەبوو بە کەسوکاری خەواریجەکانەوە، بەڵکو لەوان تێپەڕی بۆ زۆربەی سوپاکەیش کە هێشتا یادگاریە تاڵەکانی صەفین لە زەینیان مابوو، ئینجا شەڕی موعاویەی نەهرەوانیش ئەو برینانەی جارێکی تر کولانەوە، بۆیە عەلی توانای شەڕی موعاویەی تیاندا نەبینی

١) ابن ابی شیبە: المصنف ١٥: ٢٩٩ ـ ٣٠١ باسناد حسن.

٢) ابن ابی شیبە: المصنف ١٥: ٣٣١، وابن عساكر: تأريخ دمشق ٩: ق ١٦٧.

جارێکی تر، ئەمە لەکاتێکدا کە موعاویە سوودی وەرگرت لەم بارودۆخانەی دەوری عەلی دابوو، توانیشی دەسەڵاتی درێژ کاتەوە بۆ میصر، بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص و بە هاوکاری لەگەڵ لایەنگیرانی عوسمان لەوێ، ئەوەیش بێگومان هێزێکی چاکی پێبەخشی لە ڕووی مرۆڤەکان و ئابووریەوە، هاوکات نامەشی دەنارد بۆ سەرانی عێراق لە هەوڵێکدا بۆ راکێشانیان بۆ لای خۆی.

لە بەرانبەر لاوازی و دووبەرەکی و لاساری لە سوپای عەلیدا، عەلی توانای نەبوو هیچ هەڵمەتێک رێك بخات لە دژی هێزەکانی شام، دوا وتارەکانیشی ئاماژە دەکات بێزاری و ئازارێکی زۆر کاتێك دەڵێت: "خوایە گیان، من لیان بێزار بووم و ئەوانیش لە من بێزار بوون، خوایە قوتارم بکە لە ئەوان و ئەوانیش قوتار بکە لە من، ئایا چی رێگە دەگرێت لە بەدبەختێکیان ئەم ڕیشەم نگرۆ بکات لە خوێندا"،[1] ئەمەیش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کەسێك هەیە هەوڵی کوشتنی دەدات، یەکەم جاریش هەڵسا بە راگەیاندنی ئەو شتەی کە بیستبووی دەربارەی عەبدوولڕەحمانی کوڕی مولجیم بۆ کوشتنی،[2] پێشتریش ئاگادار کرابوویەوە کە پیلانێك هەیە بۆ کوشتنی "پیاوێك لە خێڵی موراد هاتە لای عەلی ـ لە کاتێکدا لە مزگەوت نوێژی دەکرد ـ پێی وت: وریابە، خەڵکێك لە خێڵی موراد بە تەمان بتکوژن"[3].

ئەوکاتەی ئیبنو مەلجیمی مورادی لیدا لە نوێژی بەیانیدا، لە بیست و یەکی ڕەمەزان[4]، پێش گیان سپاردنی، عەلی راسپاردەی کرد لەگەڵ بکوژەکەیدا چاك بن: "ئەو دیلە، بۆیە لە شوێن و ڕێ چاك دابینێن و چاکەی لەگەڵ بکەن، ئەگەر ژیام یان دەیکوژم یان لێی خۆش دەبم، ئەگەریش مردم، وەکو چۆن منی کوشت ئاوها بیکوژن، دەستدرێژیش مەکەنە سەری، خوای گەورە حەز لەوانە ناکات دەستدرێژیی دەکەن".[5]

دوای ئەوەی خەواریجەکان لە ناکاو عەلیشیان کوشت، حەسەنی کوڕی وازی لە خیلافەت هێنا بۆ موعاویە، بۆ ئەوەی کۆتایی بهێنێت بۆ قۆناغێك لە ململانێ و موسڵمانانیش جارێکی تر کۆ

---

١) عبد الرزاق: المصنف ١٠: ١٥٤ باسناد صحيح وله متابعات عند ابن عباس: الطبقات الكبرى ٣: ٢٣٤، وشواهد عند ابن ابى عاصم: الآحاد والمثاني ١: ١٣٧ باسناد حسن.

٢) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ٣٣.

٣) المصدر السابق ٣: ٣٤ باسناد صحيح.

٤) البخاري: التأريخ الصغير ١: ٩٩ ـ ١٠٠ باسناد فيه حريث بن مخش انفرد ابن حبان بتوثيقه.

٥) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ٣٥، واحمد: فضائل الصحابة ٢: ٥٦٠، والحاكم: المستدرك ٣: ١٤٤ ويقوي بطرقه الى الحسن لغيره.

بینەوە، پاش تێپەڕبوونیان بە هەندێ تاقیکردنەوەی ناخۆشدا، کە شوێنەواری قوڵی بەجێهێشت لە یادەوەری بە کۆمەڵدا، بۆ نەوەکانی دوای ئەو سەردەمە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆی موسڵمانانیش.